ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# لەگوندی ئەحمەد ئاوا

# فەرماندەییەکی (ی.ن.ك) بەردباران دەکرێ

سەرتیپ هەورامی

من ناتوانم لەلایەن خۆمەوە ڕاستی ئەو ناونیشانە بسەلمێنم بەلآم چی بکەم ئەوان ئەو فەرماندەیەی لەگوندی ئەحمەدئاوان چەندین کەسیان لەسەر ئەم تۆمەتە گرتووە، لەگەڵمدا بن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ناونیشانو پێشەکییە تەمو مژاویە بە کەمێ بگەڕێتەوە دواوە.

ئەحمەدئاوا ئەو گوندەی لەدوای ڕاپەڕینەوە وەکو باقی ناوچەکانی تری هەورامان و شارەزوور، بوو بە جێگای جەماوەرێکی بەرچاوی ئیسلامییەکان، بەم شێوەیە تا ئیعلانکردنی کۆمەڵی ئیسلامیی سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامیی لەوێ نیشتەجی بوو. پاش ئەو گۆڕانکارییانەی دوای بەسەر ناوچەکەو عێراقدا گواستنەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵ بەپێی ڕێککەوتن نامەیەك تا نووسینی ئەم بابەتە ئاسایش و هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی کەرێژەیەکی زۆریان لەو ناوچانە نیشتەجێن نەیتوانییوە بەچاوی متمانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بکەن و بەردەوام بەبەهانەو پاساوی جۆراجۆر خەڵك عەزیەتو ئازار دەدەن بەتایبەت لەگوندی ئەحمەدئاوا هەر کەسێکی ئیسلامیی زیاد لەسێ جار نۆرەی دەستگیرکرنی بەرکەوتووە.

ئەم هەڵسوکەوتە توندو تۆقێنەرانەی ئاسایش و هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) وای کردووە تا ئێستە چەندین خانەوادە ئەو گوندو ناوچەیە بەجێبهێڵن و دەستبەرداری ماڵو حاڵو زەوی و زاری زێدی خۆیان بن.

(بارەگاکەمان بەشەواندا بەرد بارن دەکرێن)

زیاد لەدووهەفتەیە ئەم ناونیشانە بووە بەدەنگۆو باسوخواسی ئەو گوندە تا دواجار شەوی ٢٠٠٤/٨/٢٩ وەك زۆر جاریتر، چەکدارەکانی ئەو فەرماندەییەی لە ئەحمەدئاوا نیشتەجێن هەڵیان کوتایە سەر چەند ماڵێك چەند کەسێکیان بەوبەهانەیەوە دەستگیرکردو بۆ سبەینێکەی بەبەرچاوی خەڵکەوەو بەچاو بەستراوی ڕەوانەی زەمەقیانکردن، یەکێکیش لەگیراوەکان بەتەمەت منداڵو لەخوارتەمەنی هەژدە ساڵییەوەیە.

بەم کارە کێشە لەنێوان فەرماندەییو ئاسایشی خورماڵدا دروست دەبێت کەبۆچی بەسەر ئێمەدا ئەو گیراوانە ڕەوانەی زەمەقی دەکرێن کەلەڕاستیدا ئەوە کاری ئاسایشەو پێشمەرگە بۆی نییە هەڵبکوتێتە سەرماڵی هاووڵاتیان.

دواتر پاش ئازادکردنی ئەو گیراوانە لەزەمەقی من چاوم بەو منداڵە کەوت لەنێو گیراوەکاندا بوو، هەردووچاوی ئاوساو سەری لەچەند شوێنێکەوە بریندار بوو ئیتر نەمزانی چەند برین بەجەستەیەوە بوون، تەوقەمانکردوو پرسیارم لێکرد، وتی :

+ هیچیان نەوت بۆچی گرتویانین

پێم وت ئەو زامو برینە چییە؟

+ وتی : ئەوە بەشەق وقۆناغە تفەنگ لێیاندام

هەرئەوەندە ئیتر چاوە سورەکانی دیاربوو پڕ بوون لەگریان لەوە زیاتر وەڵامی بۆ نەدرایەوە، منیش بێ ماڵئاوایی بەجێم هیشت . لەو کاتەدا حەزمدەکرد بچمە ئەو گوندەو خەڵکێك بدوێنم تاخۆیان باسی وەزعی خۆیان بکەن، لەرێگەی چەند برادەرێکمەوە ئەو پێشنیارەمکرد زۆر سەیریان بەقسەکەم هات، ئەوان وتیان ئامادەنین بەبێ ناو هێنانیش ئەو ڕاستیانە باس بکەین چونکە گوندەکە ئەوەندە زۆر نییە بۆ هەر بەهانەیەك هەموو ئەو خەڵکە تووشی هەڕشە دەبنەوە، ئەوان وتیان هەر هەفتەی ڕابردوو بوو دوو کەس بەبیانووی چوونە نەغەدە دووشەو کرانە ژووری ئینفیرادییەوە. گەنجەکەیان زۆر بێزارانە ئەدوا دوا قسە ئەوەبوو: ئەوە کەی حاڵە شەوێك مارێنزە کوردەکان دەمانگرن شەوێك پێشمەرگە شەوێك ئاسایش.